**کۆمەڵەی تاوانبار یان**
**لێکۆلینەوەی سەقەت.**
**وەڵامێک بۆ ئەیوب ئەیوبزادە**

**ئەحمەد بەهرامی**
07/7/16

**بەشی سێەم و کۆتایی**

من لەبەشی یەک و دووی ئەم باسە، هەوڵمدا تەنیا وەڵام بەو بەشە بدەمەوە، کە ئەیوبزادە دژی ڕاستی دەدوێت. هەوڵمدا  ئەوە بە ئەیوب و هەمووی ئەوانەی ئەو نووسراوەی ئەیوب دەخوێننەوە بڵێم کە ئەوە مێژووە، حیزبەکانی تری ناو بزووتنەوی کوردستانیش تێدابوون، هەر چی ناوی دەنێت بە سیاسەت و دەخالەت و هەڵس و کەوتی هەموانەوە، پەیوەندی هەیە لێرەدا،لەبەر ئەوە دەخالەتیانبووە، یان بەلایەن ئاشتی، یان لایەنگری لەسیاسەتی لایەک. کە ئەیوبزادە خۆی لێبواردوە! دەکرێ لە سەر سیاسەتی حیزبێک لێکۆڵینەوە بکرێ بە شێوەی موستەقیل، بەڵام بە ڕوانین و دیتنی شەپۆلەکانی ڕەوتی بزووتنەوەکەو، بە درکاندنی دەخالەتی حیزبی تریش لەم ئیقیانوسەدا و سەوڵدانی گەمیەکانی ئەوانیش دیار بێ. تا هەموو خوێنەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوە بگەن، کە بوونی سیاسەتی چەوت بوونی چەپ و بوونی خیتابی شەڕەنگێزی بوونە مووسەبیب! چ قسەیەکی نامەنتیقی کورد کوژی تێدا بووە لەم  خیتابانە لە سەر کێشەکانمان، وا دەمانباتە سەنگەری تفەنگەوە؟ ئەمە پرسیارە لە هەمووومان.
با ئەوەش بڵێم من وەک ئەوەی ئەیوبزادە دژی کۆمەڵە شتی نووسیوە، بەحەقیقەت نەمویستوە وەڵامی بدەمەوە. کۆمەڵە یەک ڕێکخراوی سیاسیەو خاوەن مێژووی خۆیەتی لەم بزووتنەوەیەدا، دوژمن و نەیاری خۆی هەیە. ئەو کەیفی خۆیەتی با دوژمنی خۆی بکات، کۆمەڵە بەمانە ناجوڵێ. من لەبەر ئەوە ڕێزم بۆ نووسراوەکەیداناو وەڵامم داوەیەوە، کە سەر تاپای نووسینەکەی بەدژی ڕەوتی ئازادی دەزانم، بەدژی بیرکردنەوەی دژ بەکۆمەڵگایەکی سکۆلارو ڕوو بە دێمووکڕاسی دەزانم. ڕووبە ئازادی بەیان و ئەقیدەی تاک وکۆی ناوکۆمەڵگای کوردستانی  دەزانم. تەنیا لەبەر ئەوە دژی هاتوومە دوان. دەنا نووسراوەکەی وەک نووسراوەیەکی لێکۆڵەوەر، کە ویستبێتی بە دەرخستنی لاوازیەکانی کۆمەڵگای کوردستان نایبینم.
قسەی من ئەوەیە کە، دەبێ خاوەنی ئەم قەڵەمانە لەوە بگەن، کە هەرکات قسە و خیتاب دژی هەر حیزبێک کران، ئیدی ڕەوا نەبێ خاوەنەکە بکوژرێ. لەم ڕووەوە من ویستوومە وەڵام بە جەنابی ئەیوبزادە بدەمەوە. هەر وەک لە سەرەتای باسەکەشمدا کوتومە، ئەم باسە بە دەورانی بیست وشەش بۆ بیست و حەوت ساڵ لەمەو بەر مەڕبووتە، کە لەمێژوو کوردستانی ئێران خولقاوە.

بۆ ڕوونبونەوەی ئەم باسانە هەر چەند من، هەوڵمداوە کەڵک لە بەڵگەنامە وەرگرم کە لەم بەشەدا هاتوون. بەڵام ناچارم یەک نموونە لەناو دەیان نموونەی کوشندە و

دەستپێکەری شەڕ دژی کۆمەڵە باسبکەم، کە ئەوەش وەک بەڵگە دەهێنمەوە. هەر چەند پێم خۆش نییە ئەم زامە بۆگەنە دەم بکاتەوە، پێم خۆش نییە ئیدی نە کۆمەڵە و نە دێموکڕات بیرلەم شەڕە تاڵە بکەنەوە. ئەمە قسەی کۆنە و من مەبەستم تەنیا وەڵامە بەکەسێک، کەکێشەکەی هەڵگیرساندۆتەوەو ناچارم لە باسکردنی.

ئەریّ بەڕاست کی فەرمانی کوشتنی کێی سادر دەکرد؟ کێ خۆی لە باسی سیاسی و دیالۆگ دەدزییەوە! کێ ئاوری سۆبەی شەڕی نوێڵدا! لێکۆڵەوەی سەر بەخۆ دەبوو ئەمانە بزانێ و ئینجا بەلاپەڕەکانی مێژوودا بچێتەوە.

لە مانگی جۆزەردانی 1361دا لەکاتێکدا پەلێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، گەشتێکی سیاسیان لەم ناوچەیە لە ناوچەی مەهاباد ئەنجامدابوو لەو کاتە حەساس و چارەنووسازەدا. قسەکانی ئەوکاتە لە سەر هاتنی بنی سەدرو موجاهید بۆ کوردستان بوون، نەک دژی حیزبی کوردی و خەڵکی کوردستان. لەموقابیلدا حیزبی دێموکڕات دەکەوێتە جەولە. **هەر لەوکاتە و لە ئاوایی قەرە قشلاخ لە ناوچەی مەهاباد، کاک جەلیلی گادانی ئەندامی ئەوکاتی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕات، لە مزگەوتی ئاواییدا، کە قسەی بۆ خەڵک دەکرد" کوتی ئیدی لە کۆمەڵەی دەم دڕاو و ئاژاوە گێڕ قەبووڵ ناکەین ئاوا پێدرێژی بکات! لە هەر کوێیەک پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات پێیان گەیشتن، دەبێ لێیان دەن و بیان کوژن؟** هەر سێ ڕۆژ دوای ئەم فتوایە، چوار کەس لە کادر وپێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەکاتی ئەوە کە میوانی حیزبی دێموکڕات بوون لە ئاوایی "قەرەدا" لای ئەوان بوون بۆ حەلی کێشەی نێوانیان، کەچی لە کاتی خودا حافیزی و ڕۆیشتندا، لەدواوە دایانە بەر دەسڕێژی گوللەو هەر چواریان کوشتن؟ ئایە کێ ئاوری نوێڵداوە! کێ کیی کوشت.

سەیر ئەوە بوو لەکاتی وتووێژ لە سەرئەم شەڕە ماڵ وێرانکەرەش،ڕەهبەری کۆمەڵە لەگەڵ ڕەهبەری حیزبی دێموکڕات کە دادەنیشت و دەیکوت"بۆ وا دەکەن! بۆ دەمانکوژن"! وەڵامی ڕەهبەری حیزبی دێموکڕات ئاوا بوو" دەیگوت ئێوە دەزانن کە پێشمەرگەی حیزب بێسەوادن، لە قسە تورە دەبن، حەوسەلەی باسی سیاسیان نییە! بۆیە لەسەر ئەو قسانە ئێوە کە دەیکەن و بڵاوی دەکەنەوە، تورە دەبن و دەست بۆ تفەنگ دەبەن". ئەمە وەڵامی حیزب بوو بۆ نەیاری خۆی. ئەیوبزادە تۆ لەڕادێوی حیزبدا کارتکردوە، وەک کادری ئەم حیزبە دواوی، بۆیە ئاوا نموونەکان دەخەمە بەرد دەمت.

ئەمڕۆکە لێکۆڵەوەری وەک تۆ بۆتە قازی و لاپەڕەکانی ئەم مێژووە هەڵدەداتەوە، لەناو هەموو ڕاستییەکاندا کێشەی چینایەتی دێنییە گۆڕێ! ئەم کارە دادی هیچ بەلاڕێدابردنی مێژوو نادات. کێشەی کوردستان لە سەر قەوارەی بورژوازی و کرێکار نەبوو. لەسەر ڕیعایەت و قبووڵی مافە دێموکوڕاتیکەکانی مەڕبووت بە ناو کۆمەڵگای کوردستان بوون. ئەو کێشانەی کە قەت حیزبی تری کوردی بە مەسەلەی خۆی نەزانیوون، خۆی پێوە ماندوو نەکردوون و قینی لەو کەسە بووە ناوی بردوون لەم بزووتنەوەدا بووە. لەکوردستان هێزێک پەیدا بوو خۆی بەخاوەنی ئەم مافە بزانی و دەی ویست بەدوایدا بچێ. بۆیە دیدی پێشکەتوو خوازی ئەوکات و ئێستاش کەوتۆتە بەر ئەو قینە دواکەوتووە. کۆمەڵە لە ناو بزووتنەوەی کوردستاندا و لە مێژووی ئەم بزووتنەوەیدا، ئەوەڵ هێز بوو لە دژی خوڕافە و فریودانی خەڵکی زەحمەتکێش ڕاوەستا. پشتی خەباتی ژنانی گرت و ژنانی هاندا وەک نیوەی کۆمەڵ بێن و لە چارەنووسی ئەم وڵاتەدا بەشداربن. جەماوەری کوردستانی فێری کۆبوونەوەی دەستە جەمعی کرد. بناغەی بیری ئازاد و زمانی دیالۆگ و هەڵسوڕانی تاکەکەسی لەکوردستان بە قوربانی و خوێن جێخست. ڕێکخراوە سەر بەخۆو

موستەقیلەکانی بۆ لێپرسینەوە، لەمافە نادیار و نەکوتراوەکان لە کۆردستاندا بونیادنا.کە لەبزوتنەوە کوردیەکانی پێشتر وجودیان نەبوو،کۆمەڵە هەنگاوی هەڵگرت بۆیان و ویستی لەم ڕیگەوە بزووتنەوەی کوردستان بچێتە سەر باسی ژیانی خۆی و دەسەڵاتی جەماوەر بهروژێ لەم پێناوەدا. کامەن حیزبی تر بەگژ دابوو نەرێتی ژن کوژی و دەرەبەگەو زۆرداری کۆمەڵدا چونەوە؟ کامە بزووتنەوەی کوردی پێش کۆمەڵە کوتی" مەزهەب دەبێ لە دەوڵەت جیابێ"! کامە حیزبی کوردی پێش کۆمەڵە کوتی"ئازدی سیاسی بێقەیدوشەرت بۆ کۆمەڵگا دەبێ ببێ"؟ کامانەن و بە ئێمەی خوێنەرتی نیشان بدە بەغەیری کۆمەڵە، کە کوتی مافی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵ دەبێ پارێزراو بێ و ڕێز لە حورمەتی تاک بگیرێ بۆ دەربڕینی نەزەرات و بۆچوونەکانی. ئایا بەم چەمبەری تۆ گرتوە و لە ڕووی مێژوودا وەستاویەتەوە پێتوایە باشن.

ئەیوبزادە کۆمەڵە باوەڕی چەپی بۆ براکوژی و کورد کوژی نەگرتە بەر و شەڕی ئەم دوو حیزبەش شەڕی دوو چین نەبوو. ڕاستە کۆمەڵە چەپە و باوەڕی بە چینی ژێردەستە، حیزبی دێموکڕاتیش حیزبی میللییە. بەڵام ئەم کێشانە هەمووی کۆمەڵایەتین،کە من و تۆش ئێستا لە سەریاندەدوێن وئەوکاتیش شەڕی لە سەر بوو. قسەی کۆمەڵە بەخیتاب و نووسراوە بووە، بۆ دۆزینەوەی ڕیگە حەلی ئەوشتانە کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ گەشەی کۆمەڵ و بۆ دابینکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، ئەویش لەڕێگەی دیالۆگ و سیاسی بوونی کۆمەڵگاوە مومکینە.

"تۆ دەزانی وەک لێکۆڵەوەر لەبەلگەکان"، تا ئێمەی کورد فێری زمانی دیالۆگ و قسەی نەبین و بەوە نەگەین، کە یەکمان لا قبوڵ نەبی، ئیحتیڕام بۆ باوەڕی یەک دانەنێن و ڕێزی قسەی یەک نەگرین، مافی تاک لە کۆمەڵی کوردەواریدا پارێزراو نەبێ. تا نەزانین ئازادی مانای چیە و خزمەتی کۆمەڵ و ئاوەدانی لەم بوارەدا چۆنە و بەکام ئامراز دەکرێ. دەبا سەد ساڵی تر کورد ناگاتە ئەو لوتکەیە فێری دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سالم و ئەمین بێ بۆ نەوەکانی، ئەوە باوەڕی منە. شەڕیش لەسەر ئەم خاڵانە بوون و هیچ ڕەبتیان بە چینەوە نەبووە. ئەمە خۆلادانە لەئەسڵی کێشە گەورەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان.

ئەیوبزادە دەڵێ" **ئەم شەڕە بەبێ ئاگاداری جەماوە دەستی پێکردو بەبێ ئاگاداری ئەوانیش کۆتای هات".**

کێشەی نێوان حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵە، لە ئەوەڵ ڕۆژی دەرکەوتنی ئەم دوو هێزە لە کوردستاندا، هەموو تاکێکی کورد دەیزانی. هەموو کەس هەستی بەم ناکۆکی و دووبەرەکایەتیە دەکرد. دەیان جار پێشمەرگەی ئەم دوو لایەنە، لە شار و ئاواییەکانی کوردستانی ئێران، لەمووقابیلی یەک چوونە سەنگەرەوە. شەڕە تفەنگیان کردوە، لەیەکتریان هەڵداوە، مێڵی تفەنگیان لەیەکتری کێشاوە. لە ئاواییەکانی کوردستان کە ئەوکات بەشی هەرەزۆری ئازاد بوون و بەدەست هیزە سیاسیەکانەوە بوون. ئەم دوو ڕێکخراوەیە شەڕیان کردوە، مقەڕی یەکیان گرتووە. هەر لەو سەر دەمەدا کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ناوبژی وان بوون و ئەوان میوانداری کۆبونەکان لەئاواییەکانیان بوون. وەک ئاوایی"شاهێنی" لە ناوچەی کامیاران، لە ساڵی 1360دا لەئاوایی "کانیتۆمار" لە ساڵی 1360 دا، سەر بەناوچەی بۆکان، لە ئاوایی "سوێروێ" سەر بەناوچەوی سەردەشت لە ساڵی 1359داله ئاوایی" سوێناس" سەر بەناوچەی مەهاباد لەساڵی1361داودەیان کۆبونەوەی تر بوون، بەشداری نوێنەری دەفتەری مامۆستاشێخعێزەدینی حسێنی، ڕێکخراوە سیاسیەکان و شەخسیاتی بێ لایەن و خەڵکیکوردستان. هەمووی ئەم کۆبوونەوانە لەماڵی خەڵکی بوون و

خەڵک لێی ئاگادارن، لەشاری بۆکان و لەشاری مەهاباد کە ئەوکات ئازاد بوون. ئەمانە و دەیان کۆبوونەوەو دانیشتن بە حزوری دەفتەری ماموستا شێخعێزەدینی حسێنی، بە حزووری ڕیکخراوە سیاسیەکانی تری ئێرانی، کە هەموو ئاگادارن لەو کێشانە و بەڕاگەیاندن و بە کۆبوونەوەو دانی ڕاگەیاندن، هەموو جەماوەری شار و دێهاتە ئازادەکانی ئەوکاتی کوردستان لێی ئاگاداربوون.
دوایش و لە کاتی تاراوگەی مەرکەزیەتی ئەم دوو هێزە. بۆ ئاگاداری هەمووی ئەوانەی وەک ئەیوبزادە بیردەکەنەوە لەم کێشانەدا،لە ڕابیتەی دەخالەتی ڕاستەو خۆی خەڵک بۆ کۆتای هاتن بە شەڕی نێوان کۆمەڵە ودێموکڕات. سەرەڕای لەگەماڕۆدابوونی هەمووی کوردستان و تا ئەندازەیەکی زۆر دابڕانی بەرەی شۆڕش لە جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان. دوورکەوتنەوە لەشارەکان، نەبوونی کۆڕو کۆبوونەی جەماوەری بۆ باس لەسەر ئەم کێشانە. جەماوەر بۆ  کۆتای هاتنی شەڕ گەورەرین دەوریان بوو،دەیان جار خەڵکی ناوبژی وان، دایک و باک و خانەوادەی پێشمەرگەی هەردولا، سەردانی سەرکردایەتی کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتیان کردوە. ڕۆژ نەبوو ڕادیویی کۆمەڵە، چەند نامەی شارو ئاواییەکانی کوردستان بۆ تەواو بوونی شەڕ نەخوێنێتەوە،سکاڵای جەماوەر دەرنەبڕێ و باسی ئاشتی نەکات و هەنگاو بۆڕێگە چارە هەڵنەگرن و دەخالەتی خەڵکی باس نەکرێ. شەش ڕێکخراوی سیاسی کوردی و ئێرانی ماوەیەکی زۆر دەخالەتیان بۆ کۆتای هێنان بەم شەڕە بوو.
بەڵام حیزبی دێموکڕات وەڵامی تاقە دانەیەکیانی نەدایەوە! بۆ ئەم قسەیەش هەمووی شاهیدەکان بە غەیری چەند دانەیەکیان نەبێ، ماون وئەم ڕووداو بەسەرهاتەیان لەیادە، کە حیزب بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ کایەی بەم ڕێکخراوانە دەکرد، بەهانەی جۆراو جۆری دەهێنا گۆڕی؟
ئەمەش کە لە خوارەوە دەی خوێننەو، تەنیا دوو بەڵگەن لەناو سەدان بەڵگە و دیکۆمێندی زیندوو، لە سەر ئەو واقیعەیە و ئەو کارەساتانە. کە من تەنیا بۆ زانیاری و وەبیرهێناوە، دەیانخەمە بەردیدی خوێنەر. بۆ ئەوە ئیدی بۆچوونی لەم جۆرە بێخەبەر و چەواشەگەر، ڕێگە بەخۆیان نەدەن، هەروا لەئاو دەن و بەتەمای پەڕینەوە بن.
خوێنەری ئازیزم، ئەم بەڵگانە بەفارسین و بۆ ئەوە هیچ کێشەیەک، لە گۆڕین یان هەڵەی وەرگێڕانی تیانەبێ، هەر وەک خۆی بە فارسی نووسیومەتەوەو دایدەنێم.
<u>پیام شماره – 8 0 سالی 1366</u>

## در باره ی اقدامات 6 جریان سیاسی  برا ی پایان دادن به جنگ حزب دموکرات و کومه له.

1) جنگ را فورا قطع نمایند.
2) اختلافات خور را بطورق سیاسی, حل و فصل کنید.
3) به آزادی تبلیغ و ترویج و حق فعالیت سیاسی – نظامی, متعهد شوند.
6 جریانی سیاسی قطعنامهء خود را در تاریخ پنجم خرداد ماه  برای حزب دموکرات و کومه له فرستاند و از آنها خواستند که ظرف مدت10 روز به قطعنامهء مذکور پاسخ بدهند. آنها همچنین کمسیونی برای پیگیری اقدامات خود بر گززیدند.
کومه له از احساس مسئولیت و از تلاش و اقدامات 6 جریان سیاسی استقبال نمود, به پیشنهادهای مطرح شده از سوی آنان پاسخ مثبت داد و طی نامه ای به تاریخ دوازدهم خرداد ماه پاسخ کتبی خود را به اطلاع آنان رسانید.

متنی پاسخ کتبی کومه له با شرخ زیر است:
دوستان محترم:
جناب شیخ عزالدین حسینی,
چریکخای فدای خلق ایران,
چریکهای فدای حلق ایران( ارتش رهای بخش خلقهای ایران)
سازمانی جریکهای فدای خلق ایران,
دفتری سیاسی سازمانی کاري گران انقلابی( راه کارگر),
کومه له یکسانی کردستانی_ ایران,
با درودهای فراوان.

نامه مشترک شما را که حاوی پیشنهادتان برای خاتمه جنگ بین دموکرات و کومه له و بر قراری صلح بین این دو نیرو بود دریافت کردیم. ما این اقدام را, که بگمان ما می توانست بسیار زوتر از این صورت بگیرد, تایید می کنیم و از آن اسقبال مینمائیم. راجع به مفاد سه گانه پیشنهاد شما یعنی" خاتمه دادن فوری به جنگ ״و״ حل و فصل اختلافات به طرق سیاسی و" آزدی تبلیغ و فعالیتی سیاسی " نیز ما وماقق بوده و هستیم و از جانب خود برای بموردی اجرا گزاشتن آنها آماده ایم.

همانطور که میدانید ما در قبال این درگیری ها " قطع فوری و بی قید و شرط جنگ بین حزب دموکرات و کومه له, بر قراری صلح از طریق مذاکرات سیاسی و برگرداندد لوله همه تفنگها بسوی جمهوری اسلامی" را داشته ایم و برای تحقوق آن تلاش میکنیم. چرا که معتقدیم این امر بنفع مبارزه کارگران و زحمتکشان, بنفع جنبش انقلابی خلق کرد و بنفع کل جنبش انقلابی سراسری ایران علیه جمهوری اسلامی است. ما همواره این واقعیت را که ج, ا, جدا از وجود این درگیری ها علیة توده های انقلابی و بمنظوری نثبیت و تحمیل خویش بهره برداری میکند, خاطر نشان کرده ایم.

اما حزب دموکرات نه فقط سبب و آغازگر درگیری ها بلکه عامل تداوم آنها نیز هست. حزب دموکرات مصرانه و علیرغم خواست بی چون چرای توده های مردم کردستان و بر خلاف نظر تمامی گروه ها و سازمانهای سیاسی مترقی ایران, و بدونکوچکترین احساس مسئولیتی در قبال جنبش خلق کرد و مبارزه ات سراسری ایران, بر تداوم این جنگ پا قشاری کرده است. جنگی که زیانبار بودن آن از نقطه نظر مصالح جنبش کردستان و بیحاصل بودن آن برای حزب دموکرات مدتهاست که برای همه باثبات رسیده ا ست.

ما باین وسیله یکبار دیگر اعلام میکنیم که برای آتش بس فوری و بی قید و شرط, برای آغازگفتگو با حزب دموکرات و برای تنظیم و اجرای قرار داد صلح با آن آماده ایم. ما معتقدیم که حزب دموکرات و کومه له نه فقط باید به جنگ بین خود بلافاصله خاتمه دهند, بلکه باید قرار داد صلحی را بر اساس:

1. تعهد به عدم توسل به زور در مناسبات فیمابین و حل و فصل مسائل از طریق سیاسی و گفتگو.
2. احترام به دموکراسی و آزادیهای سیاسی و برسمیت شناختن حق مردم و آحاد آنها در انتخاب راه سیاسی و سازمان سیاسیخویش و برسمیت شناختن آزادی فعالیت گروهای سیاسی در کردستان, با امضا رسانده و بآن ملتزم شود.

باعتقاد مابرای بیشبرد یک فعالیت ثمر بخش در راه صلح باید کلی نقاط مشترکی را که می توانند مبنای کار قرار گیرند یافت و از آنها به جلو حرکت کرد.بنظر ما " اصل ضرورت

صلح" (صلح بنفع توده های مردم کردستان و جنبش عادلانه آنها و بنفع مبارزه علیه دشمن مشترک یعنی رژیم ج.ا. است و بنا بر این ضرورت دارد) و " اصل مذاره" و گفتگوی سیاسی ( بعنوان راه رسیدن به این صلح) , آن اصولی هستند که منطقا می تواند بصورت نقاط مشترک مورد تاید قرار گیرند و به مبنائی برای حرکت عملی بسوی صلح تبدیل شوند.
ما معتقدیم که با اتکا باین اصول روشن, مسلم و غیره قابل انکار باید وارد مرحله تلاش عملی برای صلح شد. اما حزب دموکرات, علیرغم ادعاهای ظاهریش در مورد صلح, از هر گونه پاگذاشتن در پروسه تلاش عملی برای صلح اکیدا استکاف کرده و تمام راه حلهای پیشنهادی را نیز بدون بررسی و از قبل رد کرده است. در حالیکه ما معتقدیم که نفس ورود به مرحله تلاش عملی برای صلح بر داشتن قدمهای اولیه و ضروری در این راه و بحث و تبادل نظر پیرامون شرایط و چگونگی حول یک صلح پایدار خود میتواند به امر دست یابی به توافق نهائی در باره صلح کمک بماید.
تا آنجا که به نقش شما در این جریان بر می گردد, ما خواهان تداوم تلاش و شرکت فعالانه شما ئر فعالیتهای صلح هستیم, در عین حال جدا خواستاریم چنانچه تلاشهای کنونی تان بثمر نرسند, مسبب عقیم ماندن این تلاشها را, که مسلما در عمل جز خدمت به. ج.ا. و تضیف و ضربه زدن به جنبش خلق کرد و مبارزه سراسی علیه . ج.ا. کاری نمیکند, بصراحت افشا و محکوم کنید و در این رابطه موضع جانبدار بگیرید.
در پایان ما موکدا اعلام میداریم مادام که حزب دموکرات رسما برای آتش بس و مذاکره با کومه له اعلام توافق بکرده, و با حد اقل وارد تلاش عملی جدی و تدام با حسن نیت برای صلح نشده مسئولیت هر گونه درگیری مسلحانه فیمابین تماما و منحصرا بر عهده حزب دموکرات خواهد بود.
با درودهای مجدد
کمیته مرکزی سازمانی کردستانی حزب کمونیست ایران- کومه له.
امضا-- ابراهیم علیزاده
1366/3/13

حال ببینیم پاسخ حزب دموکرات به قطعنامه 6 جریان چگونه بوده است؟
چنانچه از مفاد " گزارش اقدامات کمیسیون 6 جریان سیاسی برای پایان دادن به جنگ حزب دموکرات و کومه له" ( منتشر شده از سوی هر 6 جریان بتاریخ 1366/4/15) بر می آید, نخستین موضعگیری حزب دموکرات در قبال کمیسیون منتخب6 جریان سیاسی این بود که کمیسیون را به رسمیت نشناخت و به آن پاسخ نداد بلکه جوابیه ای برای سازمان کارگران انقلابی ایران( راه کارگر) ارسال داشته که در آن جوابیه هم پاسخ صریح و روشنی به پیشنهاد مطرح شده از سوی کمیسیون نداده است. کل این جوابیه بهانه جویی هایی بود برای طفره رفتن از پاسخ صریح و روشن. در عین حال بیانگر این بود که رهبری حزب دموکرات همچون گزشته, تداوم جنگ را مدنظر داشته و از بر قراری صلح در هراس است. از جمله ضمن اشاره به احتمال از سر گیری مجدد از عهدهٌ این حزب خارج است! " معنای عملی این حرف این است که حزب دموکرات قصد خاتمه دادن به جنگ را ندارد چرا که می داند از سرگرفتن مجدد جنگ علیه کومه له کار ساده ای نخواهد بود. در واقع از ترس اینکه اگر به هر ترتیب ناچار به پذیرش صلح گردد, بعدا جز با قبول درد سر و مشکلات به مراتب بیشتر قادر به از سر گرفتن جنگ مجددی علیه کومه له نخواهد بود, از هم اکنون از پذیرش صلح طفره رفته و کماکان برادامهٌ حالت جنگی پای می فشارد!

بهر حال ادنبال پاسخ غیر رسمی و ناروشن حزب دموکرات, 6 جریان سیاسی به منظور روشن نمودن پاسخ و موضعگیریحزب دموکرات کمیسیونی را نزد رهبری آن خزب می فرستند.
بدنبال مذاکراتی طولانی و پس از اینکه امکان هر گونه بهانه جویی از حزب دموکرات سلب میگردد. بالاخره رهبری آن حزب نا چار به قبول لفظی سه مادهٌ پیشنهاد ی در قطعنامهٌ مصرب 6 جریان سیاسی مذکور شدخ ( اگر چه حاضر به مکتوب نمودن نظرات خود نمیشود) اما پیشنهاد میکند که مادهٌ چهارمی پیرامون مسٔلهٌ حاکمیت و چگونگی اجرائیات در کردستان به قطعنامهٌ سه ماده ای اضافه شود. پیشنهاد الحاقی حزب دموکرات که در تاریخ بیست و چهارم خرداد ماه از سوی کمیسیون مکتوب شد چنین است:

2/خرداد ماه 1366
-------

ئایا ئەیوبزادە، ئەگەر بەڕاستی هێندە مەبەستی بوو لە سەر ئەم کێشەیە دەبوو لێی بکۆڵێتەوە، چۆنە ئەم بەڵگانەی نەدیوە و خۆی تێنەگەیاندوون! ئاخر کەسێک هێندە خۆی ماندوو بکات بۆ کارێک، کە بەلایەوە گەلیگ گرنگ بن، هێندەی پیوە ماندوو بێ و هێندە خزمەتگوزاری بەرەی شۆڕش بێ، لایەنێک بەکورد کوژ بزانێ لەم بزووتنەوەیەدا! دەبێ سەر لە بناوانەکەی هەڵبێنێ، دەنا چۆن بەتەمایە ئاوی پاک بە دەرووی قەڵەمەکەیدا عبوور بکات. هەموو هاواری خیتابەکانی ناو پێشڕەو، کە زمان حاڵی بیرو ڕای کۆمەڵەیە و کۆمەڵەش وەک هێزی لایەن لەم ماجەرەیایەدا، کەهاوار بۆ بوونی فەزای دێمووکوڕاسی و هەلسوڕانی ئازاد دەکات، داوای بوونی مافی کارکردن و قسەکردن و خزمەتکردن دەکات، خیتابی چینایەتی لێرەدا لە گۆڕێ نین. کاری چەواشە و کورد کوژی لەگۆڕێ نین! ئەوەی دەبیندرێ لەم مێژووەدا، هاوارە بۆ بوونی فەزای دێموکڕاسی و ناسینی مافی موقابیل، بۆ قبووڵی کەسانی تری بەشدار لەم ڕەوتەدا! کێشە ئەوانە بوون، کە ئەمڕۆکە مۆری تریان لێدەدرێ.
ئەیوبزادە بۆچی وا بەگژ پێشڕەودا چۆتەوە؟ بۆ لە ژێر ناوی پێشڕەودا چەقۆی ناعادڵانەی سەر بڕینی ئازادی و قەڵەمی هەڵگرتووە. خۆ پێشڕەو زمان حاڵی ڕێکخراوەیەک بووە نەک هی هەموو ئەوانە وەک کۆمەڵە کوشتیانن! پێشڕەو لەو کاتەدا تەنیا ڕۆژنامە بوو، باسی ژانی ناو کۆمەڵی دەکرد، باسی ئەو نەگبەتیانەی دەکرد کە هیچ کام لە حیزب و سەرکردە کوردیەکان بەلایدا نەدەچوون، بە هی خۆیان نەدەزانی. پێشڕەو بەیانی ژانی ناو جەستەی کۆمەڵی کوردەواری بوو، تەنیا باسی لە تئۆری بازاری نەدەکرد، باسی لە ئازارەکانی بزووتنەوەی کورد دەکرد،کە پشت گوێ خرابوون، ئەمانە دیکۆمێندیان هەیە و نەفەوتاون.
داخ لەدڵی ئەیوبزادە لە کۆمەڵە و پێشڕەو، کە بەکورد کوژو هەڵخڕێنەری شەڕی براکوژی دەزانێ. لەو ڕاستییەوە هەڵدەقوڵێ، کە پێشڕەو وەک هەنگاوی بەرنگاری و ڕاسان لە دژی ئەو لایەنانەی، وەک بەرەی چەپ چوونەوەو بوونە نۆکەری ڕژیم. وەک چریکی ئەکسەریەت وحیزبی توودەی ئێران،و ڕاڕای حیزبی ترە. دژی ئەوانەی ساتمەیان بردو لەبەر تەنگوو چەڵەمەکاندا جۆش دامان و کوڕنووشیان دەبرد، ئەوانەی لوتیان بەشاقەلی ئایەتولاکانەوە نووساند! بوونە چاو ساغییان ودژی بەرەی شۆڕش. ئەوە ئەو ڕاستییە کە پێشڕەو پەنجەی دەنانە سەر. **لێرەدایە کە قسەی پێشرەو دەبنە خوناوکەی بەرەبەیانی سەرگەڵای سەوزی**

**بەهاری کوردستان و ڕاستییەکانی دەدرکاند، بەرەی نەیارو زەلیلی زەرد هەڵگەڕاو وەک پوشی پەریوو، داماو خۆیان پێ نەدەگیرساوە، ئەو خیتابانە بوو هەوڵیدا ڕۆح بداتەوە بەریان.**

ئەیوبزادە کۆمەڵگای کوردستان هەموو کات و ساتێک نیازی بەوە هەیە، بەخۆیدا بچێتەوە و خۆی لەدەست تۆڕی ئاین و مزهەب و خۆفەڕسکەر ڕەهابکات، جا ئەم ڕەوتە هەر ناوێکی بێ. لێرە ئیدی کۆمەڵە و چەپ لە گۆڕی نییە و ڕەبتیشی بە بوون یان نەبوونی ئەوانەوە نییە. ڕەوتی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا خۆی ئەوە بە هەموان دەسەلمێنێ.

ئەو ڕەوتەی هەوڵی هاتنەگۆڕی باوەڕی تازە و شارستانی و مودێرن دەدات، دەبێ ئیستقباڵی لێبکرێ. ئەمەش بەکاری تێگەیاندن و هوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا و کەسە ڕۆشنەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەکرێ.

بەداخەوەم کە ئەمڕۆکە و دوای بیست وشەش ساڵ، قەڵەمی ئاوا و بۆ لەم سەردەمەدا کەوتۆتە نزگەرە لێدان و ژەهر بە سەر بزەی ئاشتیدا دەپڕژێنێ. ئەگەر قسە لە مافی مرۆڤ و ناسینی مافی شارەوەندی دێتە گۆڕ، دەبێ ئەوەش بێتەوە گۆڕ و ببێتە باسی هەموو کۆڕێک، کە کورد پێویستی پێیەتی بۆ گەشە و ڕوناکی ناو ماڵی. ئەویش دەبێ بە ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی و هەڵسوڕان زامن بکرێ. بەبوونی فەزایەک بۆ کۆمەڵ، کە حورمەتی ئینسانی تێدا پارێزراوبێ.

کۆمەڵە لەسەر پاراستن و بوونی فەزایەکی سالم و ئازاد قوربانی دا، کۆمەڵە بەدەیان کەس لە کادر و پێشمەرگە و لایەنگری بوونە فیدا و چاو پۆشی لە تۆڵەیان کردەوە. کۆمەڵە کاتێک بەگژ شەڕدا چووەوە،شەڕیان پێفرۆشت، زمانی ئازادیان دەبڕی و شەرتی فەعالییەت و کارکردنیان بۆ دیاری دەکرد، جوغڕافیایان بۆ دەکێشا! گاڵتەیان بە ناوی یەکسانی ژن وبە بوونی پێشمەرگەی ژن دەکرد و لەکۆڕی حیزبی کوردیدا، قاقایان بەم کارە دەهات، هەوەسیان هەڵدەستاو دەستیان بەناوگەڵیاندا دەهێنا! بەلادان لەکلتوور وەرگەڕانیان دەدایە قەڵەم، کۆمەڵەیان لۆمە دەکرد، بە بێ ئەخلاق و زیناحکەر دەناساند. بە تێکدانی قەوارەی کۆنی کوردیان دەزانی، کۆنترین تۆمەتیاندەدا پاڵی.

کۆمەڵە لەسەر داوای دێموکوڕاسی، لە سەر داوای حورمەتی تاکەکانی کۆمەڵ، لە سەر نەمانی جیاوازی جنسی، بەلادەر و مونحەت دراوەتە قەڵەم. ئەمڕۆکەش ئەیوبزادە بە کورد کوژ و شەڕخواز ناوی دەبات.

زۆرن حیزبی کوردی ناوی خۆیان لە دەفتەری سوسیال ئەنترناسوێناڵدا ناو نووس دەکرد، بەبێ ئەوەی مافە دێمووکڕاتیکەکانیان ڕیعایەت کردبێ. ئاوری شەڕیان دژی ڕادیکاڵزمی کۆمەڵایەتیی نوێڵدەدا و بەدەوریدا هەڵدەپەڕین. کۆمەڵە لە پیناو بەرگری لە نەبوونی شەڕ، لەپێیناو ئازادی و دێموکوڕاسیدا،لەوکاتەی پۆل پۆل دەیان کوشتن و تەجاوزیان بەجەنازەی کچە کوژراوەکانی کۆمەڵە دەکرد!! دوایش لە پەتویانەوە دەپێچاو دەیان سووتاندن؟! کۆمەڵە کاتێک لەشکرکێشی کرایە سەری، دەستی بۆ تفەنگ بردو بەرنگاری لە خۆی کرد. بەڵێ ئەیوبزادە کوتنی ڕاستی تاڵە، گەڕان بەدوای بەڵگەو لێکۆڵینەوەش لەمێژوو سەداقەتی گەرەکە.

خوێنەری بەڕێز، من ئەوەی لێرە دەبوو وەڵامی بدەمەوە کردم. لەسەر باقی تێڕوانینە نزم و دوور لە مورالی سیاسی و ئەخلاقی تری نووسراوەکەی ئەیوبزادە من خۆیان لێدەبوێرم و بەشیاوی وەڵامیان نازانم.

Bahrami_51@hotmail.com